بە فرۆکەی بێ فرۆکەوان هێرشکرایە سەر هێزەکانی فەڕەنسا لە دەریای سوور

وەزارەتی بەرگری فەڕەنسا رایگەیاند، هێزەکانیان لە دەریای سووردا لەلایەن دوو فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانەوە کە لەیەمەنەوە ئاڕاستکرابوون هێرشیان کرایە سەر. دەشڵێت، "سیستەمی بەرگری کەشتییەکانمان هەردوو فڕۆکەکەیان تێکشکاند پێش ئەوەی ئامانجەکانیان بپێکن.

وەزارەتی بەرگری فەڕەنسا رایگەیاند، لە کەنداوی عەدەن لە باشووری دەریای سووردا هێزەکانیان بەرپەرچی هێرشی دوو فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانیان دايەوە کە لەلایەن هێزی چەکدارە لە یاسا دەرچووەکانی یەمەنەوە ئاڕاستەی هێزەکانیان کرابوون.

ئاماژەی بەوەش کردووە، سیستەمی بەرگری کەشتییە سەربازییەکانیان توانیان هەردوو فڕۆکەکە تێکبشکێنن پێش ئەوەی بتوانن ئامانجەکانیان بپێکن.